راگەیاندنی کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی (کۆهاک) سەبارەت پرسی نەوت

وتەیەکی بەجێیە، نەوتی کوردستان و بەرهەمەکانی، هەر لەساڵی 1927ەوە، ئەو مریشکە دۆڕاوەیە کە هێلکەکەی بۆ بێگانەو پاشەڕۆکەی بۆ کوردبوە! نەوت هۆکاری سەرەکیی بەستنەوەی باشووری کوردستانبوو بەعێراقی عەرەبییەوە، سەرباری بەعەرەبکردنی ناوچە نەوتییەکان. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەوە داهاتی نەوتبوو کەئەدرا بە فڕۆکەو تۆپ و ئەکێشرایەوە بەسەر گەلی کوردستاندا لە ڕۆژانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانمانەوە تائەنفال و کیمیایی و بەگورگانخواردنی کۆماری کوردستان لەمهابادو لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی لاوەکانمان لەڕۆژهەڵات و هێرشی تیرۆرستەکان بۆسەر ڕۆژئاوای وڵاتمان لەئێستادا کەئەگەر بێتو چارەسەرێکی ریشەیی بۆ ئەم خوێنبەربوونەمان نەکرێ، ئەوا چەندین مەرگەساتی سەختتر لەچاوەڕوانیماندا ئەبن!

چارەسەرییەکانی ڕابوردووی وەک بەرنامەی نەوت بەرامبەرخۆراک، یا 83% هێلکەکانی کەرکوک بۆئەوان و 17%ی بۆ ئێمە، چارەسەری ریشەیینین. هەرکات بیانەوێ ئەوەش ئەبڕن. ئەوەتا بە نەوتەکەی کەرکوک داناکەون! چاویان بڕیوەتە 83%ی نەوتی هەرێمیش کە ملکی سرفی کوردی ئێستاو نەوەکانی داهاتوومانن! جائەگەر وابێ، ئەم نەوتەی هەرێم هەر دەرنەهێنرێ باشترنیە؟ ئەوان بە 83%کەی نەوتی کەرکوک، کۆپتەری ئەپاچی هێرشبەری ئەی ئێچ64و فڕۆکەی ئێف16ی فرەڕەهەندی پێئەکڕن بۆ ئەنفالێکیتری ئێمە! ئەی ئەگەر 83%ی نەوتی هەرێمیشی چوەسەر گەرەنتی چیە بۆئەوەی بۆمبای ئەتۆمیشی پێ بەرهەم ناهێنن وەک ئەوەی ئێران؟!

کورتبینیی هەندێ لایەن و کەسی ترسنۆک و هیچلەبارانەبوو، لەوەدایە، کەکێشەی نەوت بە کێشەی بووجەو مووچەوە ئەبەستنەوە! نەخێر ، کێشەکە زۆرلەوە گەورەترە! کێشەکە کێشەی مان و نەمانی نەتەوەی کوردە. چارەسەریەکەش، بەڕای ئێمە، لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕئەبێتەوە:

1-ئەگەر لەئێستادا، بەهۆی پەتای کوشندەی حیزبایەتی و گەندەڵییەکانیانەوە لەم هەرێمەدا، نەتوانرێ ناوچە داگیرکراوەکانی باشوور بخرێنەوە سەر قەوارەکەی هەرێم، ئەوا بە لایەنی کەمەوە، ئەبێ هیچ داهاتێکی نەوتی هەرێم نەدرێ بە بەغداد.

2-لەئەگەری بڕینی بووجەو مووچە لەهەرێم، ئەبێ، بەبێ ڕاڕایی و دوودڵی، پەنا ببرێ بۆ گرتنەوەی ئاوی بەنداوەکان و گرتنەوەی بۆرییە نەوتەکانی کەرکوک- جەیهان و فرۆشتنی نەوتی هەرێم. کاتێکیش بۆرییەکانی کەرکوک بکرێنەوە، کە بەغداد باجی تێپەڕبوونیان بەکوردستاندا، بدات بە هەرێم وەک ئەوەی ئەیدا بە تورکیا.

3-لەئاستی ناوخۆدا، حکومەتی هەرێم، بووجەی حیزبە کوردییەکان هەمووی ببڕێ. داهاتە ناوخۆییەکانی گومرگ و باج و ڕەسم، وڵاتی پێئەبرێ بەڕێوە. لەهیچ وڵاتێکی یاساسەروەردا حیزب پارە لەحکومەت وەرناگرێ. ئەوە ئەگەر نەوتەکەی هەرێمیش نەفرۆشرێ. خۆئەگەر فرۆشرا، ئەوا هەرێمیش ئەبێتە یەکێک لە دەوڵەمەندترین قەوارەکانی ناوچەکەو هەموو وڵاتانی نزیک و دوور لە پێشبڕکێدا ئەبن بۆ دانانان بە سەبەخۆیی کوردستاندا بەئەوروپاو ئەمریکاشەوە. کلیلی سەربەخۆیی تەنیا لایخۆمانەو پێویست بەوەرگرتنی ڕەزامەندیی هیچ دەوڵەتێکی دوور یانزیک یا یوئێن ناکات .

4-لەئەگەری گرتنەبەری ئەو هەنگاوانەدا، ئەشێ هیچ شەڕێک روونەدا. لەوانەشە شەڕی نێوان بەغدادو هەرێم رووبدات، ئەو شەڕە ئەمڕۆش نەبێ، لەئایندەدا هەر رووئەدات. ئەمڕۆ باشترە لەسبەی. ئێستا بەغدا بەدەست شارۆچکەیەکی وەک فەلوجەوە داماوە، لەشەڕی ئێمەشدا سەرکەوتوو نابێ، بەتایبەتی ئەگەر رۆیشتنی نەوتەکەی کەرکوک و ئاوی بەنداوەکان راگیران، عێراق ئەبێتە پۆڕی خوراو و نووزەی لەبەرئەبڕێ و ئەوسا ناوچە داگیرکراوەکانیش بە ئاسانی ئەسەندرێنەوەو ئەخرێنەوە سەر هەرێم. لەهەموو بارێکدا پێدانی نرخی یەک لیتر نەوتی کوردستان بە پایتەختی داگیرکەران، ناپاکییەکی نیشتمانییە.

5-وەک دادپەروەرییەک،کەمترین مووچە 400 هەزارو زیاترینی 2 ملیۆن دینار تێپەڕنەکا بەوەزیران و پەرلەمانکارانیشەوە. بەوە، ئیتر ئەوەندە روولەوەزیفە ناکرێ و کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیش ئەبووژێتەوە.

6-بەبێ نەهێشتنی سیستمی حیزبایەتیی ستالینی و قەلاچۆی گەندەڵی و بەبێ پێکهێنانی سوپایەکی فەرمی پڕچەک لەجیاتی میلیشیای حیزبەکان و بەبێ یەکخستنی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و نەهێشتنی پاراستن و زانیاری و دژەتیرۆر، هەرێم نەئەبێتە دەوڵەت و نەئەبێتە حکومەت و ئەنجام هەرەس ئەبێ.

بەڵێ ئێستا قەوارەکەی هەرێمی کوردستان لەبەدەم بەرپرسیارێتییەکی مێژووییدایە. هەرچیزووترە با کابینەی تەکنۆکراتی هەشتەم بۆئەو مەبەستانە پێکبهێنرێ و ببێتە خاوەنی بریار دوور لە کێشمەکێشی حیزبایەتی و درۆی دیموکراسی!.

کۆهاک: 2014/3/12